کوردەکی سوننە بوو بە پارێزگاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



بە یەکەمجار دوای 44 ساڵ لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردەکی سوننە مەزهەب دەبێتە پارێزگاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

فاتیمە موهاجەرانی وتەبێژی حکومەتی ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە 18ـی ئێیلوولی 2024 ڕایگەیاند، ئارش زریبارن لەنی خەڵکی شاری پاوەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە کوبوونەوەی ئەمڕۆی حکومەتەکەی مەسعود پزیشکیان وەک پارێزگاری سنە دەستنیشانکرا.

ئارش لەنی تەمەنی 49 ساڵە و پێشتر و لە خولی 11هەمینی پەرلەمانی ئێران، نوێنەری شارەکانی پاوە و ڕوانسەر و سولاسی باوەجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.